## پێنجەم: ئاسایشی نەتەوەیی لە ڕوانگەی تیۆرییە کلاسیکییەکان

## پۆزێتیڤیزم و ئاسایشی نەتەوەیی

ئەم ڕوانگەیە بۆ سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەیەمی زایینی و بیروڕاکانی کۆمەڵناسانێك وەکو "ئۆگۆست کۆنت ١٧٩٨-١٨٥٧"(Auguste Comte) و "سان سیمۆن ١٧٦٠-١٨٢٥"(Saint Simon) دەگەڕێتەوە کە قوتابخانەی ئەزموونگەراییان(praxeology or Empirical) بەناوی "پۆزێتیڤیزم"(positivism) دامەزراند و بنەمای کاری خۆیان لەسەرپێدراوە ڕاستەوخۆکانی هەستەکانی مرۆڤ دانا. پۆزێتیڤیستەکان بڕوایان وایە کە بیروبڕوا یاخود حەقیقەتە ئاڵۆزەکان لەبارەی جیهان لە ئاوێتەکردنی بیروڕا ساکارەکان بەدەست دێت، بەڵام لە کۆتاییدا هەموو ئایدیا ئاڵۆزەکان دەتواندرێت بگەڕێندرێتەوە بۆ ئەزموونە هەستەکییەکان. بەم پێیە ئەم ڕوانگەیە بەرگری لە تێگەیشتنی عەینی(objective understanding) لە بواری مەعریفەناسیدا(Epistemology) دەکات. بەم واتایە کە زانست و مەعریفەناسی سەربەخۆ لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی بوونیان هەیە(عسکری، ٢٠٠٣: ٣٨٦). پۆزێتیڤیستەکان پێیان وایە کە دەتواندرێت جیهان لەڕێگەی ئەزموون و بینین و دیتن درك بکرێت و حەقیقەت یاخود نادروستبوونی شتێك لە ڕێگەی بینینی ئەزموونییەوە دەستنیشان بکرێت. پۆزێتیڤیستەکان هەڵسەنگاندن بۆ پێدراو وزانیارییەکان دەکەن و بڕوایان بە پرس ویاسا گشتییە جێگیرو نەگۆڕەکان لە بواری ڕەفتاری سیاسیدا هەیە( مارش و استوکر، ١٩٩٩: ٣٩) .

زۆربەی ڕوانگە ئاسایشییەکان دەوڵەت وەکو سەرچاوەی ئاسایش دەزانن، بۆ نموونە لە ڕیالیزم، نیۆریالیزم، نیۆلیبرالیزم و دامەزراوەگەرایی نوێدا، دەوڵەت وەکو سەرچاوەیەك دەزانن کە پێویستە ئاسایشی دەستەبەر بکرێت. بۆیە لێرەوە دوو ڕوانگەی سەرەکی لە ئارادایە(Gilpin, 1987; 174-176):

أ- ڕوانگەکانی دەوڵەت تەوەری سنووردار(Bounded state-centreric perspective).

ب- ڕوانگەکانی دەوڵەت تەوەری بێسنوور(unbounded state-centreric perspective).

ڕوانگەی دەوڵەت تەوەری سنووردار ئەو تیۆریانەن کە تەنیا لەگەڵ دەوڵەت پەیوەندیان هەیە، وەکو ڕیالیزم، نیۆریالیزم، نیۆلیبرالیزم و...هتد. بەڵام ڕوانگەی دەوڵەت تەوەری بێسنوور لەسەرکاریگەری ئاستی دیکە لەسەر دەوڵەت پێداگری دەکات وبڕوایان وایە کە ئاسایشی دەوڵەت پێویستە لە پێنج بواری سەرەکی دەستەبەربکرێت کە بریتین لە بواری: لەشکری، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی وژینگەیی. جیاوازی سەرەکی ئەم دوو ڕوانگەیە ئەوەیە کە لە ڕوانگەی سنووردارد لەسەرکارلێکی دەوڵەتاندا لە سیستەمی نێودەوڵەتی وورد دەبنەوە و ئاستی شیکردنەوەکانیان ئاستی نێودەوڵەتییە، لە کاتێکدا لە ڕوانگەی بێسنووردا لەسەر ئەو پرس و بابەتانە کە ئەگەری هەیە هەم لەسەر ئاستی ناوخۆیی دەوڵەت، هەم لەسەر ئاستی دەرەکی دەوڵەت دروست دەبێت لە بواری ئاسایشیدا وورد دەبنەوە.

لەلای پۆزێتیڤیستەکان سەرچاوەی ئاسایش دەوڵەت و نەتەوەیە، هەروەها هەڕەشەی ئاسایشی لەلای پۆزێتیڤیستەکان ڕەهەندی نەرێنی هەیە، بەمانای نەبوونی هەڕەشەیە. هەروەها چۆنیەتی دەستەبەرکردن و پاراستنی ئاسایش پێویستی بە دامەزراندن، پارێزگاری و بەردەوامی دەوڵەتی نەتەوەیە(افتخاری، ٢٠٠٣: ١١).

بەگشتی دەتوانین بنەما و بیروڕای پۆزێتیڤیستەکان بۆ ئاسایشی نەتەوەیی بەسەر دوو ڕوانگەی نەریتی و مۆدێرندا پۆلین و دابەشبکەین(افتخاری، ٢٠٠٣: ٦):

أ- پۆزێتیڤیستە نەریتییەکان:

١- ڕوانگەی نەرێنی بۆ ئاسایش: ئاسایش لەنەبوونی هەڕەشە درك دەکرێت.

٢- سروشت وەکو بابەت: لێرەدا سروشت توانای کاریگەری لەسەرئاسایشی مرۆڤ هەیە.

٣- سروشت وەکو ناوەندی مەترسی: لێرەدا سروشت دەتوانێت هەڕەشە بۆ ئاسایشی مرۆڤ دروست بکات.

ئەنجامی ئەم سێ بنەمایەش لە ئاسایشی پۆزێتیڤیستی و کلاسیك کە ڕەخنەی لێگیراوە، بریتییە لە بەرجەستەبوونی ڕوانگە و گرنگی بنەمای "هێزی لەشکری"(military power) بۆپاراستنی ئاسایش.

ب- پۆزێتیڤیستە مۆدێرنەکان:

١- ئاسایشی ئەرێنی: لێرەدا ئاسایش تەنیا لە نەبوونی هەڕەشەی دەرەکی پێناسە ناکرێت.

٢- سروشت وەکو مۆدێلێك وایە و دەتوانێت ئاستی ئاسایش بەرز بکاتەوە.

ئەنجامی ئەم دوو بنەمایەش لە ئاسایشی پۆزێتیڤیستی مۆدێرندا بریتییە لە گرنگیپێدان بە ڕەهەندەکانی دیکەی ئاسایش وەکو: ئاسایشی کۆمەڵایەتی، ئاسایشی ژینگەیی، ئاسایشی سیاسی و ئاسایشی ئابووری.

دەکرێت ڕیالیستەکان بە بونیاتنەری میتۆدی پۆزێتیڤیستی لە بوار ئاسایشدا هەژمار بکەین. بیرمەندانی ئاسایشی پۆزێتیڤیستی بە کەڵك وەرگرتن لە بنەما مەعریفەناسییەکانی قوتابخانەی پۆزێتیڤیزم لە بواری فەلسەفەی زانست، ئایدیای نوێی ئاسایشی سروشتیان هێنایە ئاراوە. بەم پێیە ئاسایش بەپێی توانای ئەکتەرە سیاسییەکان لە گۆڕەپانی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەوانەی تردا مانادار دەبێت. لێرەوە هێزی مادی و لەشکری چەقی ئەم ڕوانگەیە(افتخاری، ٢٠٠١: ١٥).

ڕیالیستەکان لەسەر ڕەهەندی عەینی ئاسایش پێداگری دەکەن، چەندایەتی و چۆنایەتی چەك و کەلوپەلی لەشکری بە فاکتەرێکی گرنگی هەڵسەنگاندنی ئاستی ئاسایشی دەوڵەت دەزانن. لە ڕوانگەی مەعریفەناسییەوە، ڕیالیستەکان ئاسایش لە پاڵ نەزم یاخود"تەکوز"(Order) وەکو بنەمای بنەڕەتی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دادەنێن. کەواتە ئاسایش ئەوکاتە دەناسرێت کە لە چوارچێوەی ڕوانگەی زانست و بینین و تاقیکردنەوەدا هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت. هەر ئەم ڕوانگەیە و لاوازی کەم و کورتییەکانی وایکرد کە نیۆریالیستەکان سەرەڕای پێداگری لەسەرگرنگی دەوڵەت بۆ ئاسایش، سوود وزیان بکەنە بنەمای هەڵبژاردنی

ستراتیژی ئاسایشی دەوڵەتان. بۆیە "باری بۆزان" بڕوای وایە کە لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا یەکەی پێوانەکردنی ستاندەری ئاسایش بریتییە لە دەوڵەتی خاوەن سەروەری(بوزان، ١٩٩٩:١٤-١٦).
ئەگەر لە ڕوانگەی ڕیالیزم دا دەوڵەتان بە دوای دەستپێراگەیشتن بە زۆرترین ئاست و ڕێژەی هێزن، بەڵام لە ڕوانگەی نیۆریالیستیدا دەوڵەتان بەدوای پاراستنی پێگە و دۆخی ڕێژەیی هێزی خۆیانەوەن. هەروەها لە ڕوانگەی ڕیالیستەکاندا هێزخوازی دەوڵەتان دەرهاویشتەی سروشتی مرۆڤەکانە، لەکاتێکدا نیۆریالیستەکان وەکو "کێنت والتز" ویستی بەدەستهێنانی هێز بۆ فاکتەرێکی عەینی واتە پێکهاتەی سیستەمی نێودەوڵەتی دەگەڕێنێتەوە. بەم واتایە کە سروشتی ئەنارشیکی(Anarchic) سیستەمی نێودەوڵەتییە وادەکات کە دەوڵەتان بەدوای بەدەستهێنانی هێزەوە بن. هەروەها ڕیالیستەکان ئاسایش بە چەمکێکی پلە دوو و لە ژێر سایەی هێز و سەرچاوە و تواناکان دەزانن، بەڵام لەلای نیۆریالیستەکان ئاسایشی نەتەوەیی دەتوانێت بەشێوەی سەربەخۆ خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت(عسکری، ٢٠٠٣: ٣٩١) .
نەوەک هەر لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش، بەڵکوو تەواوی دیسیپلینەکانی زانستە مرۆییەکان کەوتوونەتە ژێر کاریگەری پۆزەتیڤیزم. پۆزەتیڤیزم بزاڤێکی فەلسەفی و پرۆژەیەکی ڕۆشنگەرییە بۆ خوێندنی دیاردە و ڕوداوە کۆمەڵایەتییەکان بە ڕێگایەکی زانستی (کۆرکی، ٢٠٠٦: ١٩٢). پۆزەتیڤیزم جیادەکرێتەوە بە پشتبەستن بە میتۆدە زانستیەکان وەکو تاکە سەرچاوەی مەعریفەت، هەروەها جیاکردنەوەیەکی گەورە لە نێوان فاکت و بەهادا. لەم ڕوانگەیەدا، لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش بەشێوەیەک دەخوێندرێت کە بە دوورە لە کاریگەری بەهاوە (value-free)، وە سەربەخۆیە لە ئایدیا، نۆرم و بەهاکان. پۆزەتیڤیزم باوەڕی وایە تەنها دوو ڕێگا هەیە بۆ گەیشتن بە مەعریفەت؛ ئەویش هۆکاری لۆژیکی و ئەزموونگەرانەییە. لەم چوارچێوەیەدا، شتێک تەنها کاتێک مانا وەردەگرێت ئەگەر هاتوو تواندرا لە ڕوی زانستیەوە بسەلمێندرێت دروست یا هەڵەیە (ساندێرس، ٢٠١٠: ٢٤-٢٥؛ گریفیز، ٢٠٠٧: ٥-٦). هەرشتێک لە دەرەوەی ئەزموونی مرۆڤەوە بێت دەچێتە دەرەوەی چوارچێوەی کاری توێژینەوەی پۆزەتیفستی. بۆ نموونە، سیۆلۆجی، ئاکار، متیافیزیک و ئایین جێگەی بایەخی توێژینەوەی پۆزەتیڤیستی نین ئەویش لەسەربنەمای جێبەجێنەبوونی یاسا ئەزموونگەرانەییەکان بەسەریاندا.
پرسیاری سەرەکی پۆزەتیڤیزم ئەوەیە چۆن بزانین چ کاتێک چ تیۆرێک ڕاست یا هەڵەیە. وە یەکێک لە گرنگترین ئەرکەکانی پۆزەتیڤیزم بریتییە لە پێشبینیکردنی داهاتوو. ئەو ڕوداوەی دەبێت ڕوونبکرێتەوە بریتییە لە نموونەیەک لە کۆی چەند ڕوداوێکدا و دەرەنجامی ڕێسا و یاسا ڕێکخراوە دیاریکراو و گشتگیریکراوەکانە (ڤایۆتی و کاوپی، ٢٠١٠: ١-٣). لەبەرئەوە لە توێژینەوەی پۆزەتیڤیستیدا یەکەم ڕێگای توێژینەوە بریتی دەبێت لە 'گشتگیریکردن' (generalization). ئەوەش لە دەرەنجامی کارکردن و گەشەپێدانی گریمانەیەک، هەروەها دۆزینەوەی پەیوەندییە هۆییەکان لە ڕێگای جێبەجێکردنی میتۆدەکانی زانستە سروشتییەکان لەسەرزانستە کۆمەڵایەتییەکان، بە نموونە ئەگەرA بەوشێوەیە بوو، پاشان B بەو شێوەیە دەبێت.

پۆزەتیڤیزم لە تەواوی کاری ئەزموونگەراکان (behaviouralists) رەنگی دەداوەتەوە. هەروەها زۆربەی ریالیست و لیبراڵەکانی بواری ئاسایش پۆزەتیڤیستن، دەیانەوێت پەردە لەسەر دیاردەیەکی وەکو بەرژەوەندی، جەنگ، پێکەوەکارکردن، رەدع، ململانێ وپێشبڕکێی هێزوپێکەوەگرێدانی ئابووری بەشێوەیەکی زانستی لابدەن. جاک سنایدەر (١٩٩٥) لە شیکردنەوەی هۆکاری کۆتایی هاتنی ئاشتیانەی جەنگی سارد کار لەسەر چەند یاسایەک و مەرجێکی سەرەتایی دەکات بۆ روونکردنەوەی چۆنیەتی رووخانی یەکێتی سۆڤیەت. لە شیکردنەوەکەی جاک سنایدەردا هاتووە فاکتەرەکانی دەستتێوەردان و فراوانکردنی دەوڵەتی یەکێتی سۆڤیەت، لەگەڵ قۆناغی بە پیشەسازیکردن و شۆڕشی پەیوەندی، دەبنە هۆی تەرخانکردنی چوارچێوەیەک بۆ تێگەیشتن لە رووخانی یەکێتی سۆڤیەت، وە دەکرێت ئەو فاکتەرانە لەسەرکەیسی دیکەدا جێبەجێ بکرێن. بە هەمان شێوەی جاک سنایدەر، کینزواڵتز(١٩٧٩) پێیوایە ستراکچەری ئەنارکی لە سیستەمی نێونەتەوەییدا دەبێتە روونکردنەوەی رەفتاری وڵاتەکان.

بەکورتی، پۆزەتیڤیزم بەشێوەیەکی سەرەکی چوار گریمانە لە خۆ دەگرێت:

١. یەکیەتی زانستە سروشتی و کۆمەڵایەتییەکان. دەتوانین دیراسەتی چەمکێکی کۆمەڵایەتی وەکو ئاسایش لە کۆمەڵگادا بکەین هەروەکو ئێمە چۆن دیراسەتی جیهانی سروشتی دەکەین.
٢. دەتوانین هێڵێکی جیاکەرەوە لە نێوان فاکت و بەهاکان بکێشین.
٣. رێساو یاسا رێکخراوەکان بوونیان هەیە لە هەردووک جیهانی کۆمەڵایەتی و سروشتیدا، وە هەروەها ئەو رێساو یاسایانە دەکرێت گشتگیر بکرێن.
٤. راستخستن و بەهەڵەخستنەوەی ئەزموونەگەرایی دەبێت لە کرۆکی لێکۆڵینەوە وگەڕانی راستەقینەدا بێت.